# هەق وایە دەسەڵاتی سیاسی کورد وەک دەزگایەکی چاودێربە سەر کارەکانی حکومەت ، سەیری ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی و ئەهلیەکان بکات نەک کۆمەکیان ببڕێت



لەوانەیە هەندێ سایتی ئەلکترۆنی یان ڕۆژنامەی ئەهلی هەبن،لێرەو لەوێ، هەندێ پێشالکاریان لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕێوڕەسمی یاسای ڕۆژنامەگەری کردبێ ،بەڵام لەو پێشێلکاریانەش بەشی شێر بەر ئەو نوسەرانە یان کوێرە نوسەرانە دەکەوێ کە ئینتما یان سۆزی حیزبایەتیان بۆ یەکێ لەو دوو پارتە دەست ڕۆیشتووەی کوردی هەیە . ئەگەر لێورد بوونەوەیەک بە تەواوی ئەو بابەتانەی کە بە شەڕەجنێو بابەتەکانیان دەڕازێننەوە بکەیت، دەبینی بەشی هەرە زۆری ئەو بابەتانە یەکلایەنی پێوە دیارە، واتە بابەتەکە یان ڕووی هێرشەکانی ڕوو لە یەکیەتی دەکات و بەلای پارتیەوە ناچێت یان پێچەوانەکەیەتی . ئێستاکە کە یەکیەتی و پارتی ڕووی لە ئاشتەواییە و جەماوەری لایەکیان یان هەردوو لایان کە ناتوانێ هەزم بکات یان بە گومانەوەە تێی دەڕوانی و ڕاگەیاندنە حیزبیەکانیشیان بابەتی دژ بە پارتە نەیارەکەیان بۆ بڵاو ناکەنەوە ، لە ڕێگەیەوە پەنا دەبەنە بەر ڕۆژنامە ئەهلی و سایتە ئەلیکترۆنیەکان کە ئازادن و سانسۆریان لە سەر نیە . بە قەناعەتی خۆم زۆر نووسەری بەر پرسی ئەو دوو پارتەش لەو جۆرە یاریانە بەشدارن ،واتە لە لایەکەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە حیزبیەکەی خۆی بابەتی وەها دەنووسی کە تەعبیڕ لە ئاشتەوایی نیشتمانی بکات ،بۆ سایتەکانیش بە ناوی خواستراوەوە بەشداری لەو شەڕە جوونەی سایتەکان دەکات . من ناڵێم خەلکی بێ لایەنیش نیە کە هەندێ جار ڕێوڕەسمیەتی ڕۆژنامەوانی پساندووە،بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لە گەڵ نووسەرە حیزبیەکان و بە ناوی خواستراوەوە ،ئەوا بەشێکی زۆر بچووکیان بەر دەکەوێ . ئەو دیاردانە ئەگەر هەر هەمووشی وەلاوە نێین و بە شمولی سەیری دیاردەکان بکەین ،هەر یەکێ ئەگەر بە ویجدانانە سەیری سایتو ڕۆژنامە ئەهلیە ئازادەکان بکات وێڕای ئەو ئیمکانەتە بچووکەی کە لە بەردەمیان دایە،لە ڕێگای کەمی کۆمەکی دەسەڵات یان خێرو مەند ئەگینا بەڕێوە بەرەکانیان لە قوتی ژیانی خۆیان کەم دەکەنەوە ،بەس بۆ ئەوەی بوارە ڕاگەیاندنەکەیان ،بەردەوامی بە خۆوە ببینێ و لە ڕێگایەوە زۆرترین خزمەت بە گەلەکەیان و ئەزموونە فەوەرمانڕەوایەتیەکەیان بکەن . ئەوە لە کاتێکدا بە موناسەبەو بێ موناسەبە ڕاگەیاندنە حیزبیەکان کۆمەکی مادیان بە سەر دەبارێ . کەچی بڕۆن ئیستفتا بکەن نەک لە ناو ئەو خەلکانەی کە بێ لایەنن، بەلکو لەو خەلکانەی کە هەوادار،یان لایەنگیری یەکێ لەو دوو پارتە بکەن . بە هەموو قەناعەتێکەوە بەشی شیر لە خزمەت کردن بە کاری ڕۆژنامەوانی و جوان کردنی ڕووی دەسەلات ،ڕۆژنامە ئیلیکترۆنی و ئەهلیەکانن نەک حیزبیەکان . دەسەڵاتە ، وەک دەزگایەکی چاودێر سەیری سایتە ئازادەکان ناکا ، بەوەی پێداچوونەوە بکات لە ئەو پێشیلکاریانەیبەرپرسەکان دەیکەن و سایتەکانیش بڵاوی دەکەنەوە،بۆ ئەوەی ڕێڕەوەکە ڕاست بکەنەوەو پێشێلکاران بە هەموو جۆرێکیانەوە موحاسەبە بکەن، بە تایبەتی لەو هەل و مەرجە کە دەزگایەکی چاودێری کە بە هەقیقەت چاودێر بێت لە کوردستان نیە . ئەگەر لە ترسی لە هەلادانی سایتە ئازادەکان نەبێت جۆرە خەلکێک هەیە لە ناو ئەو دوو پارتە گای لە کولانکێ دەباتە دەرەوە واتە چەندی ئێستاکە بۆی چوەتە سەرێ لە دزی و گەندەلی دەستیان ناپارێزن . بە نەبوونی سایتە ئازادەکان دوو ئەوەوندەی تریش زیادی دەکرد . حکومەتی هەرێم هەق وایە ئەوە باش بزانی کە سایتە ئازادەکان دەستبارێکی باشیان گرتوون لەو هەل و مەرجە کەس بەکەسەوە نەبوونەی فەرمانڕەوایەتی لە کوردستان . حکومەتی هەرێم لە جیاتی ئەوەی کۆمەکی مادی لە بواری ڕۆژنامەی ئازاد زیاتر بکات کە سایتە ئەلکترۆنیەکانیش بگرێتەوە ،کەچی بە پێچەوانەوە هەڵدەاستی بە بڕینی یان کەم کردنەوەی کۆمەکی پێشوویان بۆ هەندێکیان . ئەگەر حکومەت بەو ناوەوە ئەو کۆمەکەی کەم کردۆتەوە کە ڕاگەیاندنی کوردی بۆ بەرژەوەندی حیزب کۆنترۆڵ کات یان جموجۆلی ڕاگەیاندنی ئازاد بەرتەسکتر کات بەو حیسابەی ئەگەر کۆمەک

نەکرێن دەست لە کارەکانیان هەلدەگرن . لە وەڵاما دەڵێم نوسەری ئازاد وەک پێشمەرگەکانی سەردەمی شاخ بە خۆبەشی ملی داوەتە ئەو ڕێبازەیی و تا لە سەنگەرەکە نەیارانی لە گەندەڵچی و پێشێلکاریە یاسایی و هەندێ ڕێوڕەسمی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی تێک نەشکێنێ واز نایەنێ بە تایبەتی لەو سەردەمە مۆدێڕنزمەی جیهانی و فراوان بوونی هونەری تەکنیکی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و گەیاندی هەموو سووچ و کەلەکە بەرێکی ئەو جیهانە بە یەکەوە وەک ئەوە وابێ تۆ لە گوندێکدا بژیت و بە تیچویەکی کەم و بی سانسۆر، دەنگت بگاتە هەموو شوێنێکەوە . کەواتە مادامەکینێ سایتە ئازادەکان بوونەتە ئەمری واقیح ،وا چاکە بۆ دەسەڵات بە تایبەتی ئەو قەلەمانەی کە قسە لە ئاشتەوای نیشتمانی و پاک و تەمیزی دەسەڵات دەکەن لە هەموو ڕوویەکەوە دەبی دەستیان بە سەردابگرن نەک قوتی ژیانیان ببڕن .

مەهدی کاوانی/بەریتانیا/2007/09/19
mahdikawani@yahoo.co.uk